# تۆم خۆش دەوێ
## هۆنراوەی شالاو

تۆم خۆش دەوێ
لەسەر باڵی
گشت پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگی
ئەم بەهارە
بۆت دەنووسم
تۆم خۆش دەوێ
گەڵا گەڵا
لەسەر بەرگی دارو درەختی
ئەم شارە
ئەینەخشێنم
تۆم خۆش دەوێ
یەک بەیەکی
ئەستێرەکانی مانگە شەو
لەم ئێوارە
ئاگاداران
دەمانبینن هەموو شەوێ
تۆم خۆش دەوێ
***